# بەڕاست قۆناغی ئەنفالی چوار بێ زیان بوو؟, وەڵامێك بۆ دوو چاوپێكەوتنی بەڕێزان كاك نەوشیروان مستەفا و كاك رابەری سەید برایم

## عەلی مەحمود محەمەد

كاك سەلام عەلی لە ٦ بەرگی نیشتمانی گوڵە گەنمەكان تایبەت بە ئەنفالدا كۆی دیدارو چاوپێكەوتنەكانی لە گەڵ قوربانیان و پێشمەرگەو جاش و پارتیزانەكان و تەنانەت پێشمەرگە پزیشكەكان بلاو كردۆتەوە, دیدارەكانی بە ئامانەتەوە وەك خۆی چیوتراوە بلاّو كردۆتەوە, لە ئەو بەرگەی تایبەتە بە وتەی پێشمەرگە چەند سەرنجێكم هەبوو لەسەر دوو دیداریان كە لە گەڵ كۆچكردوو كاك نەوشیروان مستەفا و بەڕێز كاك رابەری سەید برایم ئەنجامی داوە, هەردوو سەرنجەكەش تایبەتن بە وتەكانیان لەسەر ئەنفالكراوانی قۆناغی ئەنفالی چوارەم, خۆزگەم زووتر كاك سەلام ئەم زنجیرە كتێبەی بلاّو بكردایەتەوە تا بەشداربووانی چاوپێكەوتنەكانی ئەم بەشەو بەشەكانی دیكە لە ژیاندا بوونایە و وتەكانی خۆیان ببینیایە.

ئەم شەش بەرگە بە تایبەت دوو بەشی قوربانییەكان (ژنان و پیاوان) دوو پەرتووكی زۆر گرنگن, بە تایبەتیش كاك سەلام نەیویستووە دەستكاری ناوەڕۆكی دیدارەكان بە ئیشتیهای بیركردنەوەی خۆی بكات و دەقەكانی وەك خۆی بلاّو كردۆتەوە, لە دیداردا دەستكاری دەق لە رووی ناوەڕۆك و داڕشتنەوە بەرهەمەكە دەكوژێت.

هەردوو بەڕێز كاك نەوشیروان مستەفا و كاك رابەری سەید برایم لە دیدارەكانیان باس لەوە دەكەن لە پرۆسەی بەدناوی ئەنفالدا, سنووری ناوچەی قۆناغی ئەنفالی چوار لەو پرۆسەیە هاووڵاتیانی بێ زیان دەرچوونە, كە وتەكانیانم خوێندەوە سەرم سوڕما, چەند جارێك پێیدا چوومەوە, باوەڕم بە چاوەكانم ناكرد كە وا وترابێت, نازانم ئەم بەڕێزانە ئەم زانیاریانەیان لە كوێوە هێناوە, بە تایبەت بۆ كەسێكی وەك كاك رابەری سەید برایم كە سەرتیپی ناوچەیەك بووە خاوەند گوندی وەك جەلەمۆرد و گۆپتەپەو دەیان گوندی رەشپۆشی وەك ئەوانە, خودی خۆشی خەڵكی ئەو ناوچەیەیە, ئیتر نازانم چۆن توانیویەتی لێدوانی وا بدات, لێدوانی ئاوا ئازایەتی بێ پایانی دەوێت, چونكە بەرەو رووی رووبارێك خوێن دەبێتەوە, لە كۆتاشدا هەر بەرەو رووی راستییەكان دەبێتەوە, دەبوایا بیزانیایە ئەو شایەدییەی ئەو داویّتی ١٠٠٪ ناراستە, رۆژێك هەر بلاّو دەكرێتەوە كەسانێك لێی راست دەبنەوە, كە عەوداڵی دەرخستنی راستییەكان دەبن, هەرچەندە زانیاری ناڕاست پەتی كورتە, زوو ئاشكرا دەبێت, خودی پرۆسەی چاوپێكەوتنی مێژوویی شایەدی دانە لەسەر راستییەكان, ئاخۆ دەكرێت لە داهاتوودا كاك رابەر بە شایەد لەسەر رووداوەكان وتەی لێ وەربگرترێت؟, بێ متمانەمان ناكات بەرامبەر هەموو سەرگوزەشتەو گێڕانەوەكانی؟ .

# ئەوان چییان وتووە؟

فەرموون دەقی لێدووانەکانی کاك نەوشیروان مستەفا و کاك رابەری سەید برایم  کە بۆ کاك سەلام عەلییان داوە وەك خۆی دەخەمە روو بۆتان, کاك نەوشیروان مستەفا دەڵێت: ..... لە قۆناغی دووەمی ئەنفالدا زیانی گیانی زۆرمان بەرکەوت, لە قۆناغەکانیتردا  یەعنی لە ئەنفالەکانی دەشتی کەرکوك و لە مەنتقەی  خۆشناوەتی و ئەوانە پێشتر ئاگاداری خەڵکمان کردبووەوە, هەندێك لەوانە چوونە ناو شارەوە, خۆیان شاردەوەو هەندێکیتریان چوون بۆ ئێران. لە ئێران نیشتەجێمانکردن و جێگەمانکردنەوە, یەعنی تەنیا ناوچەیەك زەرەری زۆر گەورەی بینی ئەو ناوچەیە بوو کە ناوچەی گەرمیان  ل٢٠.

لە بەشێکی دیکەی چاوپێکەوتنەکەی  هەمان بۆچوون دووبارە دەکاتەوەو دەڵێت: مەنتیقەی خۆشناوەتی هەموومان دەربازکرد, هی مەنتقەی دەشتی کەرکوك هەموویمان دەربازکرد, یەعنی کەسێك نەبووە بمێنێتەوە مەگەر کەسێك خۆی ویستبێتی, پێشمەرگەش هەندێ نەبێت خۆیان لە گەڵمان نەمانەوە پێیانوابوو ئەگەر تەسلیمببنەوە باشترە, تەسلیمبوونەوەو کوشتنیان, ئەوانیش ئەگەر لە گەڵماندا بهاتایان رزگاریاندەبوو,.... ل٣٢.

هەرچەندە ناوچەی خۆشناوەتیش زیانیان هەبوو لە ئەنفالدا بلەی سەرو یەکێکە لە نموونەکان  لە پاڵ زیانی کیمیابارانەکان, ئەوانیش بە موتلەقی هەموو رزگاریان نەبوو, وەلێ لە هەموو قۆناغەکانی ئەنفال زیانی ئەم ناوچەیە کەمتر بوو, ئەویش بەهۆی بەرگری پێشمەرگەوە نەك رزگارکردنیان.

کاك رابەری سەید برایم, لە کاتی پرۆسەی بەدناوی ئەنفال سەر تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان بوو, کە تیپەکە ئەو سنووری چالاکییەکەی چەقی ئەم ناوچەیە بوو  دەڵێت: من بەرپرسیارم لەو قۆناغەی ئەنفال کە تیایدا بووم, لە ئەنفالی یەك خەڵك زوو ناوچەکەیان  چۆڵکرد و دەرچوون, بەڵام بەهۆی سەرماو  ئەوانەوە بەشێك  لە خەڵك لە سەرمان مردن, لە ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتە, لە ئەنفالی چوار کە تیایدا بەشدار بووم , پێش شالاوەکە خەڵك ناوچەکانیان چۆڵکرد, بۆ نموونە جاشەکان  هەواڵیان بۆ کەسوکاریان ناردبوو کە دەرچن  لە ناوچەکە و وەزعەکە وایە, بەڵام بۆ ئەنفالی دوو و سێ, من بەرپرسیار نیم, رەنگە رێگە لە خەڵك گیرابێت کە نەڕوات بەلام ئەوە نەبووە سیاسەتی یەکێتی و بەرنامەی یەکێتی نەبووە بە گشتی, ئەگەر لە ئەرشیفی برووسکەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ساڵی ١٩٨٧ تا ١٩٨٨ تەماشا بکە, کاك نەوشیروان برووسکەی هەیە بە چەند خاڵێك دەڵێت خەڵك ئازادە بڕوات  و خۆتان وا رێك بخەن, وا بەرگرییکەن, بەڵگەشمان هەیە, کە لە چ رۆژ و ژ مێژوویەك ئەو برووسکەی لێداوەو ئەو کاتە کاك نەوشیروان لە ناوەوەی وڵات بوو سەرپەرشتی ینك ی دەکرد, بەڕێز مام جەلال لە دەرەوە بوو..... ل ٢٨٠.

# ئەم وەڵامانە راستن؟

دیارە  لە ئەنفالی یەکیشدا پەرێز تەواو پاك نییە, زیاتر لە چوار سەد کەس ئەنفالکران لەوانە هاووڵاتیانی گوندەکانی سێدەر و  سەرمۆرد و ....., بەشێکیش  لە هاوولاتیانی گوندەکانی سنورەکە, بەهۆی خراپی گوزەرانیانەوە لە ئێران گەڕانەوە, دووای گەڕانەوەیان لە ئێران ئەنفالکران.

ئەگەر بەڕێزی بەرپرسە لە قۆاغی ئەنفالی چوار, ئایا ئێستاش  بە  پراتیك بەرپرسیارێتییەکە  هەر قەبوڵ دەکات وەك  ئەوەی ئەوسا وتوویەی؟ , فەرموو با لێکۆڵینەوەو بەدوادا چوون بەسەر پەرشتی لێژنەیەکی بێلایەن و پسپۆر لە کەسوکاری قوربانیان و نووسەران و لێکۆڵەرانی  ئەنفال و  دادوەری  دەست بەکار بن بۆ لێکۆڵینەوە لەو لێدووانە بکات, لە دووایدا بەرپرسیارێتی رووحی ئەو هەزاران کەسە بکە لە ناوچەکەت ئەنفالکران, کە بە وتەی بەڕێزت هەرنین و بوونیان نییە و دەبێت  ئەوانەی ئێمە دەڵێین ئەنفالکراون لە ژیاندا بن, مرۆڤ کە چووە ناو ساڵەوە هەقیەتی دان بە راستییەکان بنێت و ئازایەتی داوای لێبورن کردنی هەبێت  و بەرپرسیارێتی هەڵەکانی رابردووی خۆی  بگرێتە ئەستۆ, بۆیە من لێرەوە بانگەوازت دەکەم  لەسەر ئەم لێدووانە  داوای لێبوردن لە کەسوکاری قوربانیانی قەڵاسێوکە, شێخ بزێنی سەرو و خواروو , دەشتی کۆیەو  شوان و سەرخاسە بکە, چونکە نکۆڵیکردن تاوانە.

ئاخر تیپەکەی  بەڕێزت بە شایەدی خۆم  تا بەیانی رۆژی ٤-٥-١٩٨٨ رێگەتان لە خەڵك دەگرت خۆیان رزگار بکەن, دوایی وەك هەڵم چوون بە ئاسمانا, هەموو دەروازەکانتان داخست, کەڵەکتان دایە ئاوا, خەڵکتان لە شارەوە بە زۆر گەڕاندەوە بۆ ناوچە قەدەغەکراوەکان و  دوواتر ئەنفال کران........ چۆن وێراتان ئەم لێدووانە بدەن؟, لە رووحیانەتی هەموو ئەو مرۆڤانە نەترسان کە خرانە ژێر لمەوە, راستە لە  کاتی چاوپێکەوتنەکە  کەست لێ دیار نەبووە وەلامت بداتەوە, ئەدی ئێستا  کە نووسراوەتەوەو خراوەتە سەر کاغەز چی دەفەرموون, هەر بەردەوامن لەسەر هەمان بۆچوون؟, لە کاتێك وەك خۆت دەڵێیت بەرپرسی لە ناوچەکەت, شاردنەوەی راستییەکان تەنها بۆ ئەوەیە نەکەونە بەر بەرپرسیارێتی, ئایا دەزانی رێگا گرتن لە خەڵك لە کاتی جەنگدا بە پێی بنەماکانی دادگا نێودەوڵەتییەکان دەچێتە چوارچێوەی تاوانی جەنگەوە؟, دەزانی ئەم تاوانە چییە و لە کوێی تاوانەکانە؟.

بەڵێ ئێوە نەك خەڵکتان بە سەلامەتی رزگار نەکرد وەك ئیدعا دەکەیت, بەڵکە خەڵکتان وەك بارمتە دایە دەست جەلادانەوە, ئەوەی کردتان تاوانی مەزن بوو, مێژوو لێتان خۆش نابێت, نکۆڵی کردن لە بوونی تاوانەکەو ئەنفالکردنی نزیك ٥٠٠٠ کەسی نەگەڕاوە هەزارانی گەڕاوە بۆ خۆی تاوانێکە, ئەگەر ناوچەکەی تۆ ئەنفالکراوی نییە ئەدی ١٨٢٠٠٠ ەکە, ئەم ژمارە زەبلاحە  بە چی پڕ دەکەیتەوە؟.

# ژمارەکە چەندە؟

کاك مەلا شاخی کە کادیری یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووە لە سەروبەندی تاوانی جینۆسایدی ئەنفال و هاوڕێی خۆتانە, لە پەرتووکە ناودارەکەی بە ناوی ئەنفالی خاڵخاڵان لە ل ٢٩٠ دا ژمارەی ئەنفالکراوە نەگەڕاوەکانی ئەم سنوورەی کە تۆ دەڵێی بە سەلامەتی رزگارمان کردوون بە ٤٢٢٨ کەس دیاریکردووە, ٢٨٩٥یان نێرن و ١٣٣٣ کەسیان مێینەن, بە تێبینی نووسەر ئەوەی کە ئەم ئامارە فیرارەکان ( سەربازی هەڵاتوو ) و گەڕاوەکان (ئەو ئەنفالکراوانەی لە دووبز و نگرە سەلمان گەڕاونەتەوە ) ناگرێتەوە, بە تێبینی منیش زۆری دیکەش هەن .

بەڵێ دووای گەرمیان واتە ئەنفالی سێیەم, دەشتاییەکانی کەرکووك و ناوچەی قۆناغی ئەنفالی چوارە دووەم زیانلێکەوتەی قۆناغەکانی ئەنفالن وەك ژمارەی قوربانیانی گۆڕە بە کۆمەڵەکان, بەڵام لە رووی کۆی ژمارەی ئەنفالکراوانەوە سێیەم ناوچەیە دووای ئەنفالی سێ و نۆیەم دووا قۆناغی ئەنفال ( بادینان ), (( بە پێی بەڵگەنامەکانی سوپای عێراقی, لە ئەنفالی بادیناندا ١٣ هەزار و ٥٥٣ کەس دەستگیرکران )).

هیوادارم دووای ئەم وەڵامە کاك رابەر بەرپرسیارییەتی ئەنفالکردنی هاوولاتیانی ناوچەکەی بگرێتە ئەستۆ و داوای لێبوردن لە هاوولاتیانی سنورەکە بە گشتی و کەسوکاری قوربانیان بە تایبەتی بکات و راستییەکان وەك خۆی بلاو بکاتەوەو ئەو ناوانە ئاشکرا بکات کە هۆکار بوون لە ئەنفالکردنی نزیك ١٠٠٠٠ هاولاتی ناوچەکە, رێگریان کرد, خەڵکیان لە شارەکانەوە گەڕاندەوە, کەڵەکیان دایە ئاوا .


سەرچاوەکان:

١- نیشتمانی گوڵە گەنمەکان , سەلام عەلی, چاپی یەکەم ٢٠٢٤

کردەڕەهاتی ئەنفال لە زاری پێشمەرگەوە.

https://www.kurdipedia.org/?q=٢٠٢٦٠٣٣١١٥٣٨٣٤٦٨٢٠٣٢&lng=١

٢- https://www.kurdipedia.org/default.aspx?lng=١&q=٢٠١٢٠٦١٠١٦٥١٤٩٦٩٩٣٧